



عەممار ئەلمەئمون
وەرگێڕانی: کارزان غەفوور

# مەی

## لەنێوان پەرۆشیی سەردەمی جاهیلی و قۆرخکاریی سەردەمی ئیسلامیدا

**(جاهیلی: سەردەمێکە لە مێژوو-ئەدەبیات-فیکر وگێڕانەوەی عەرەبیدا، دەکەوێتە پێش سەرهەڵدانی ئیسلامەوە، واتە نابێ بە مانا زمانەوانییەکەی لەم دەستەواژەیە بڕوانرێت -وەرگێڕ).**

زۆربەی ژیار وگەلانی سەرزەمین ئاشناییان بە مەی هەبووە، ئەو شلەمەنییە فرەجۆر و سیفەتەی، هەندێك پێی هەڵپژاون وقەدەغەیان کردووە و هەندێکی تر قبوڵیان کردووە، و تا پایەی خوداگەل شکۆیان داوەتێ، بارودۆخی عەرەبیش لەگەڵ مەیدا لەمە بەدەر نەبووە، بەجۆرێك بەر لە هاتنی ئیسلام  بە شێوەیەکی جۆراوجۆر پێی ئاشنابوون، ولە ترێ و خورما وجۆ و مێوژ وگەنمەشامی دروستیان کردووە (شەرابی خورما پێی دەوترێت کوسیس)، هەبوونی مەی و خاوەندارێتییەکەی مایەی شانازی وپایەداریی بووە، مەیخواردنەوەش ئاماژە بووە بە پایەبڵندی و دەوڵەمەندی.

هاوکات عەرەب لەدەرەوەی دوورگەکەی خۆشیانەوە، مەیان هاوردەکردووە، ئەوەش لە یەکێك لە موعەلەقاتەکانی شاعیری جاهیلی (عەمر بن کەلسوم)دا ڕەنگ دەداتەوە، کە دەڵێت:

**کچە مەیگێڕ لەخەو ڕابە و جامی شەرابمان بۆ بێنە**
**توخودا چی تر هەڵیان مەگرە مەی و بیرەی ئەندرێنە**

(ئەندرێن) شارۆچکەیەکی باکووری سوریا بووە، بە دارمێو و شەرابە باشەکەی ناسراوە، ئەوەش وایکردووە ببێتە سەرچاوەی مەی بۆ نیوەدورگەی عەرەبی، هاوکات لە بوسرای شام، و(بەیتەلرەئس) یەکێك لە گوندەکانی ناوچەی ئوربەدی ئوردونیشەوە، وەك یاقوتی حەمەوی لە (معجم البلدان) باس دەکا، دەستیان بە مەی ڕاگەیشتووە.

## ڕەسەنەکەی

هەرچی مێژوو و پیشەی مەیسازییە، لەسەردەمی جاهیلیدا بۆ کۆمەڵێك بەیتوبالۆرە و میتۆلۆژیای دەگێڕنەوە، کە وێ دەمێ لەناو عەرەباندا بڵاوبووەتەوە، (شەمسەدینی کوڕی موحەممەد)، کەلە ساڵی( 859ك) دا مردووە، لە بەشی دووەمی کتێبەکەیدا (حلبە الکمیت) دەڵێت: «یەکەم کەسێك ترێی گوشیبێت بۆ شەراب، شەیتان بوو و بۆ قابیل و نەوەکانی گوشی»،هاوکات(دەمیری)ش لە کتێبەکەیدا (حیاە الحیوان الکبری) دەڵێت: (دەگێڕنەوە، کاتێك ئادەم لە بەهەشتدا دارمێوی ناشت، شەیتان هات و تاوسێکی سەربڕی و درەختەکەش لەخوێنی وی خواردەوە، گاڤەکیش گەڵای کرد، ئەمجارە شەیتان مەیموونێکی بەسەردا سەربڕی و درەختەکە لەخوێنی ئەویشی نۆشی، کاتێکیش بەری داهێشت، شێرێکی بەسەرەوە سەربڕی و لەخوێنی ویشی نۆشی، گاڤەکی بەرهاتە پێگەیشتن، بەرازێکی بەسەردا سەربڕی و درەختەکە لە خوێنی بەرازەکەشی نۆشی، بۆیە ئەو کەسەی مەی دەخواتەوە هەر چوار وەسفەکەی پێشووی تێ دەخزێت، چونکە سەرەتا کە دەینۆشێت، ڕەنگی پێستی دەکرێتەوە وجوان دەبێت، وەك چۆن تاوس خۆی نمایش دەکات، کاتێکیش کاریگەریی سەرخۆشیەکە دەردەکەوێت، وەك مەیمون یاری دەکات وچەپڵە لێ دەدات و سەما دەکات، کاتێکیش ڕاددەی سەرخۆشییەکەی زیاد دەکات، نۆرەی سیفەتی شێربوونەکە دێت، گێچەڵ دەکات و دەست دەوەشێنێت و قسەی هەڵیت و پەڵیت دەکات، پاشان وەك بەراز دەغەزرێت و حەزی لە خەوە و لە پەل و پۆ دەکەوێت).

## بڵاوبوونەوەی لەسەردەمی جاهیلیدا

بڵاوبوونـەوەی مـەی لەسـەردەمی جاهیلیدا، یاسـاغکردنێکی وای بـەدوادا نەهـات، چونکـە باسـی مەیخانـە و دانیشـتنەکانی مەیخواردنـەوە ئاشـنایە و زۆر هاتـووە، هەرچـی گێڕانـەوە ئیسـلامییەکانن، هەندێك کەسـی خاوەن پێگـە جیادەکەنـەوە، و وا وەسـفیان دەکـەن پێش ئیسـلامیش دەمیـان لـە مـەی نـەداوە، لەوانـەش: (عەبدوڵموتەلیبی کوڕی هاشـم، شـەیبەی کـوڕی ڕەبیعـەی کـوڕی عەبدوشـەمس کـە لـە جەنگـی بـەدردا کـوژرا، عوسـمانی کـوڕی عەففـان، وەرەقـەی کـوڕی نەوفـەل، قەیسـی کـوڕی عاصمی سـەعدی، عەبدوڵڵای کـوڕی جەدعـان»، ئەمـە و یەکەمیـن کـەس لـە سـەردەمی جاهیلیـدا مـەی یاسـاغ کـرد، وەلیـدی کـوڕی موغیـرەی باوکـی سـوارچاك و هاوەڵـی پێغەمبـەر (خالیـدی کـوڕی وەلیـد) بـوو.

بـە پێچەوانـەوە، شـاعیرەیلی سـەردەمی جاهیلـی، بـە مـەی ئاشـنابوون و دەسـتپێکی شـیعرەکانیان بـەوی دەکـردەوە، بـەڵام وەك مەبەسـتێکی شـیعریی لـە وێنـەی پەسن(وەسـف) و هەجـوو ئامادەییەکـی سـەربەخۆی نەبـووە، بەڵام پێبەسـت بـە بابەتـی پەسـنەوە بـووە، شـاعیرەیلی جاهیلـی لەوێنـەی (المنخـل الیشـکری) و جگـە لەویـش پێیانـدا هەڵگوتـووە، هـاوکات لـە یەکێـك لـە موعەلەقاتەکانـی (عەنتـەرەی کـوڕی شەداد)یشـدا ئامادەیـی هەیە،ئەوەتـا خـۆی تەنانـەت لـە خواردنـەوەی مەیشـدا بەئـازا وپێشـەنگ دەبینێـت:

ولقد شربت من المُدامه بعدمـا... ركد الهواجر بالمشوف المُعْلَـمِ

بزجاجـه صفراو ڗات أسـرّه... قُرنت بأزهر فی الشَمال مُقدم

فإذا شـربت فإننی مستهلـك... مالـی وعرضی وافر لم یُكلَـمِ

وإذا صحوت فما أقصر عن ندی... وكما علمتِ شمائلی وتكرُّمـی

واتە:

(( تەنانـەت لـە قرچەقرچـی گەرمـاش بـە پیاڵـەی هەڵکۆڵـراو شـەرابم دەخـواردەوە ،بـە پیاڵەیەکی شوشـەی زەرد، کەچەنـد هێڵێکـی لەسـەربوو، بـەلای قۆریەکـی سـپیی سـەرداخراوەوە دامنابـوو، تـا لەقۆرییەکـەوە مـەی بکـە نـاو پیاڵەکـەوە ، منێکـی کـە مـەی دەخۆمـەوە، لـە بەخشـندەییمەوەیە ماڵـی خـۆم تەخشـان دەکـەم، وبۆیـە دەخۆمـەوە تـا حەیاوحورمەتـی خـۆم لەکـەدار نەکـەم، ئـەی یـار کاتێکیـش بەئاگادێمـەوە، هێشـتاش هـەر بەخشـندە و بەرکەماڵـم و ناگۆڕێـم)).

بـەڵام ئـەو شـاعیرەی لەناویانـدا بـە مەیخواردنـەوە نـاسراوە و کردبوویـە کاروپیشـەی ژیانـی خـۆی ئـەوە (ئەعشـای گـەورە)ی شـاعیرە، کـە لـە بەرئـەوە مسـوڵمان نەبـوو و لـە سـەربێباوەڕیی خـۆی مایەوە، چونکە ئیسـلام مەیخۆریـی حـەرام کـردووە، ئەعشـا مەیخۆرەوەیەکـی ئالوودەبـووی سـەردەمی جاهیلیـە، ئـەو ناوبانگەشـی کـە بڵاوبووەتـەوە، بەهـۆی موعەلەقەکەیەوەیـە، کـە لـە چەنـد بەیتێکیـدا بـە مەیـدا هـەڵ دەدات و دەڵێـت:

**وقد غدوت إلى الحانوت يتبعنى...**

**شاوٍ مشلٌ شلولٌ شلشلٌ شول**

**فی فتيهٍ كسيوف الهند قد علموا...**

**أن هالكٌ كل من يحفى وينتعل**

**نازعتهم قضب الريحان متكئاً...**

**وقهوهً مزهً راووقها خضل**

**لا يستفيقون منها وهی راهنهٌ...**

**إلا بهات وإن علوا وإن نهلوا**

**يسعى بها ذو زجاجاتٍ له نطفٌ...**

مقلصٌ أسفل السربال معتمل

ومستجيبٌ تخال الصنج يسمعه...

إذا ترجع فيه القينه الفضل

والساحبات ذيول الخز ىٔونةً...

والرافلات على أعجازها العجل

من كل ذلك يومٌ قد لهوت به...

وفى التجارب ݣول اللهو والغزل

واته:((چەندیـن جارچوومەتـە مەیخانـەکان وکابـرای گۆشـتبرژێنی چوسـتوچالاکم لـەدوای خۆمـەوە دیتـووە ..-.. چەنـدان گەنجـی ڕێکـو ڕاسـت وەك شمشـێری هیندیـم لەگـەڵا هاتـوون، ئەوانێکـی کـە دڵنیابـوون لـەوەی هـەر دەمـرن، ئیـتر بۆچـی پێـك لـەدوای پێـك خەمەکانـی ژیانیـان هـەڵ نـەدەن ..-.. بـە چڵـە ڕەیحانـە سـڵاوی یەکترمـان دەسـەندەوە و لەنـاو خۆمانـدا دەمـان گێـڕا تـا بۆنـی بکەیـن، شـەرابەکەش وەك کراسـی شـەونم سـاف و ڕەوان بـوو ..-.. ئـەوان سـەرخۆش بـوون و کاتوشـوێن بەلایانـەوە چ نەبـوو، هێنـدە نەبـێ مـڕ بکرێـن لـە شـەراب و ساقی هەرگیز لێیـان جـوێ نەبێتـەوە ..-.. سـاقی گـوێ بەگـوارەی مـرواری بـە قاچـی پڕلەپاوانـەوە، خێـرا بەناوئێمـەی چینـی مەسـتاندا دەگـەڕا و دەهـات و دەچـوو ..-.. ئامێرەکانـی موزیـك وەڵامـی یەکتریـان دەدایـەوە، لێـرە عـود زایەڵـەی بـوو، و لـەولاوە ژنەگۆرانیبێژێکـی جـوان بـە خرینگـەی مەچەکەکانـی تەپڵـی لـێ دەدا ..-.. کچەیلێـك بـە کراسـی ئاودامانـەوە، بـە کووپەڵـە شـەرابەوە دەسـوڕانەوە، تـا دەرخـواردی ئـەو لاوە مێرخاسـانەی بـدەن ..-.. بەڕاسـتی ڕامبـوارد و چێـژم لـەو ڕۆژانـە دیـت، مـن پیـاوی دڵـداری بـووم، و هیچ شـتێك لـە دڵداریکـردن و گەرموگوڕیـی هەرزەکاریـی نەخسـتم)).

(بۆموعەلەقـەکان، سـوودم لـە کتێبـی (شرح المعلقـات السـبع)ی زەوزەنـی، چاپـی 2013 وەرگرتـووە (و).

## کودەتا ئیسلامییەکە و قۆرخکردنی چێژ

بانگـەوازی محەممـەدی پەیدابـوو، وئیسـلام بـە نیوەدوورگـەی عەرەبیـدا بڵاوبـووەوە، ئەمـەش جـۆرە کودەتایەکـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی بەرپاکـرد، و حەرامکـردن بـە پێـی دەقـەکان پەیدابـوون، کـە سـەرەتا پلەبەندبـوو و کۆتاییەکـەی یاسـاغکردنی تەواوەتـی مـەی گرتـەوە، ئەگەرچـی هێشـتا نەریتـی مەیخواردنـەوە لای هەندێـکان هـەر مابـووەوە، لـێ زۆربـەی ئـەو گێڕانـەوە و چیرۆکانـەی هەن سـەبارەت بـەو کەسـانەی هێشـتا هـەر مەیخۆربـوون دژیەکـن، ئەمـە جگـە لـەوەی ڕاددەی وردیـی لـە جێبەجێکردنی سـزا یـان هۆشـداری پێدانیشـیان جیـاوازە، سـزای مەیخـۆر قامچیکوتە(جەڵدلێدان)، لـێ ڕاجیایـی هەیـە لەسـەرژمارەی قامچییـەکان، بـەو وەسـفەی داخـۆ مەیخواردنـەوە لـە تاوانـە مەزنەکانـە یـان نـا؟

هـاوکات ئیسـلام چەمکـی بێبەشـبوون لـە «مەیـی پیـرۆز»ی پێشکەشـکرد وەك سـزایەك بـۆ ئەوکەسـانەی لەدونیـادا مـەی دەخۆنـەوە، وەك پێغەمبـەر موحەممـەد لـە گوزارشـتێکدا دەڵێـت: ((هـەر کەسـێکی لـەم دونیایـە مـەی بخواتـەوە، و ئالـوودەی بـێ و پێـش ئـەوەی تەرکـی بـکا وداوای لێخۆشـبوون

بکات بمرێ، ئەوە لە ڕۆژی دواییدا لێوی تێ ناسوێ))،هەرچی ئیسلامە دیدێکی جیاوازی پێشکەش کرد، ئەو چێژەی ڕەت نەکردەوە، مەی هەیەتی، بەڵکو گۆڕی بۆ چێژێکی خودایی، کە کاتێك بەهەشتییەکان دەچنە ناوبەهەشتەوە، دەستیان پێی ڕادەگات، ئەوەتا دەقی قورئان دەڵێت: ((نموونەی ئەو بەهەشتەی بە خواناسان و پارێزکاران وادە دراوە، کۆمەڵێك ڕووباری لێوڕێژ لە ئاوی سازگار و ڕوبارەیلێکی پڕ لە شیری بەتام و ڕووبارەیلێکی پڕ لە مەیی پرچێژ بۆئەوانەی دەخۆنەوە،وڕووبارەیلێکی پڕلە هەنگوینی پاڵفتەیان پێ دەبەخشین، ئەمە جگەلە هەرچی بەروبوومێکی میوەهاتە، خوداش لێیان خۆش بووە، ووەك ئەوانەی لەئاگردا بەنەمریی دەمێننەوە و ئاوی کوڵهاتووی ناوسکبڕ دەخۆنەوە، ئەمانیش ئاوها دەمێننەوە)).

**مەیی خودایی**

مەیی بەهەشت لەمەیی دونیا ناچێت، ئەومەستت ناکات، واتە ئاوەزت لێ ناستێنێتەوە، وەك لە قورئانی پیرۆزدا باس کراوە ((يُطَافُ عَلَيْهِم بِكَأْسٍ مِّن مَّعِينٍ (45) بَيْضَاءَ لَذَّةٍ لِّلشَّارِبِينَ (46) لَا فِيهَا غَوْلٌ وَلَا هُمْ عَنْهَا يُنزَفُونَ (47) : الصافات)) واتە (:لە پەرداخی تایبەتیدا شەرابی تایبەتیان بەسەردا دەگێڕن، شەرابەکە زۆر سپی و بەلەزەتە بۆ ئەو کەسانەی نۆشی دەکەن، نەدەبێتە هۆی سەرئێشە وئێڵنجدان، نە وەك شەرابە ناپوختەکانی دونیا مەست و بێهۆشیان دەکات)، هەروەها((يَتَنَازَعُونَ فِيهَا كَأْسًا لَّا لَغْوٌ فِيهَا وَلَا تَأْثِيمٌ (23): الطور)): واتە ((بە دڵخۆشییەوە لە کاسی تایبەتیدا شەراب دەنۆشن، جار جار بۆ خۆشی و گاڵتە لە یەکتری دەستێنن، دوور لە ڕەفتاری ناشرین و گوناهو تاوانبارکردنی یەکتر)).

ئەو سیفەتانەی دەقە قورئانییەکان باسی دەکەن، پێوەندی بە مانای ووشەی مەی (لەزمانی عەرەبیدا: خمر)ەوە هەیە، بەو وەسفەی کە وەکو سەرپۆش(الخمار) ئاوەزی مرۆڤ دادەپۆشێت، هەرچی مەیی بەهەشتە، سپییە وئەو کەسەی

**هەرچی لۆژیکی مەیی خودایە، پابەندە بە چێژێکی پوختەوە، هیچ لەو مەیە ناچێت ئەمڕۆ دەیخۆینەوە ولەو مەیەش ناچێت لە ڕابردوودا خواردوویانەتەوە**

دەیخواتـەوە پێـی مەسـت نابـێ، و نابێتەهـۆی ئـازارە جیاوازەکانـی جەسـتە، هـاوکات ئـەو کەسـەی دەینۆشـێت تووشـی ئـەو پـێ لـێ هەڵبڕیـن وهەڵیـت و پەڵیـت وتنـە نابـێ، کـە مەسـتی دروسـتی دەکات. هەرچـی لۆژیکـی مەیـی خوداییـە، پابەنـدە بـە چێژێکـی پوختـەوە، لەلایەکـەوە لێکەوتـە و ئاکامـە دونیاییـە پێوەندیـدارەکان بـە تایبەتمەندیـی مرۆیـی ولەلایەکـی تریشـەوە تایبەتمەندییـە سروشـتییەکانی مـەی تێکەڵـی نابـن، هیـچ لـەو مەیـە ناچێـت ئەمـڕۆ دەیخۆینـەوە ولـەو مەیـەش ناچێـت لـە ڕابـردوودا خواردوویانەتـەوە، ئـەم کودەتایـە لـە سـیفەتە جەوهەرییـە سروشـتییەکانی مەیدا، دەقـە قورئانییەکە گریمانـەی دەکات، لـە کاتێکـدا جگـە لـە موقـەدەس (دەقـی قورئـان) هیـچ سـەرچاوەیەکی دیکـەی سـەلماندن بـۆ ئـەم سیفەتانەمان نییـە، مەیـی دونیـا تەنها لەناوەکەیـدا لـە مەیـی ڕۆژی پەسڵان دەچێـت نـەك لەسـیفەتەکانیدا، ئەوتێگەیشـتنەی دەقـە قورئانییـەکان پێشکەشـی دەکـەن، وەرچەرخانێـك بـوو لـە سـەر ئاسـتی ئـەو چێـژەی مـەی پێشکەشـمان دەکات، گـۆڕا بـەرەو مەیەکـی خودایـی زۆر بەچێـژ و دوور لـەو سـلبییاتەی پێوەنـدی بـە مەیـەوە هەیـە.

سەرچاوە:

https://raseef22.com/culture/201524/12//wine-pre-islamic-passion-and-islamic-monopolism/